قائیمقامی چەمچەماڵ زیانکانی لافاوەکەی ئەمڕۆ ئاشکرا دەکات



قائیمقامی قەزای چەمچەماڵ زیانکانی لافاوەکەی ئەمڕۆ ئاشکراکرد و راشیگەیاند، کارەساتەکە و زیانکان لە تواناکانمان گەورەتربوو.

ڕەمەک ڕەمەزان، قائیمقامی قەزای چەمچەماڵ رایگەیاند، زیاتر لە 500 ماڵ، 100 ئۆتۆمبێلی هاوڵاتیان و شۆش فەرمانگەی حکومی بەهۆی لافاوەکەوە زیانیان بەرکەوتووە. هەروەها کارەساتەکە زۆر لە تواناکانی ئەمە گەورەتربوو.

وتیشی، بەهۆی لافاوەکەوە، تا ئێستا 12 بریندار و دوو کەسیش گیانیان لەدەستداوە، دەخی سەرجەم بریندارەکان جێگیرە.

باسی لەوشکرد، لیژنەیەکی تایبەت پێکدەهێنین بۆ بەدواداچوون لە هەکاری دروستبوونی لافاوەکە، هەرکەسێک ڕێگەکانی گرتبێت و بووبێتە هۆی دروستبوونی لافاوەکە، ڕەکاری تونڈی یاسایی بەرامبەر دێگیرێتەبەر.